# جیهانە سەیرو سەمەرەکەی "فرانز کافکا"

ناهد باشطح
لە عەرەبییەوە: سەردەم



چی وا لـــە «فرانز کافکا» دەکات، تا لە ڕۆمانی (بەدگۆڕان) دا ئەو دیدگا ڕەشـــبینە لەســـەر مرۆڤی هاوچەرخ پێشـــکەش بـــکات. «گریگـــۆری» فەرمانبەرێکە، ڕۆتینی کاری ڕۆژانەی فەرمانگەکـــەی و فشـــاری زۆری پێداویستی خانەوادەکەی کە لە دایک و بـــاوک و خوشـــکێکی پێکهاتـــووە، ماندوی دەکەن و بڕستی لەبەردەبڕن. تا وایلێدێـــت بەیانیەک بەخەبەر دێت و دەبینێـــت بۆتە دەعبایەکی گەورە و لەبری ئەوەی سەرچاوەی بەختەوەری بێـــت، دەبێتـــە مایەی سەرئێشـــە و وەڕسی بۆ خێزانەکەی.

کاتێک ئەو دەعبایە دەمرێت، کەس و کارەکەی ئاهێکی خۆشی هەڵدەکێشن و پشـــوو دەدەن، وەک ئەوەی ڕایەڵی مرۆڤ بە خانەوادەکەیەوە پێداویستی مادی بێت، گەر توانای دەستەبەرکردنی ئەوەی نەبوو، کەسوکاری دەستبەرداری دەبـــن و دەکەونە بەگژاچونەوەی، وەک چـــۆن بەگژ هـــەر دەعبایەکی پیس و

درندەدا دەچنەوە!! چی وا لەم ئەدیبە دەکات لە یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا پاڵەوانەکەی ڕاپێچی هۆڵی دادگا بکات، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت. ڕێوڕەسمی دادگایکردنەکەشمان بەشێوازێکی زۆر ترسناک نیشان دەدات. دادگایکردنەکە لە ژێر سەقفێکی نزمدا بەڕێوەدەچێت، لەبەرئەوەش بەدرێژایی کاتی دادگاییەکە ئامادەبوان سەریان شۆڕ کردۆتەوەو خۆیان چەماندۆتەوە، سەرەنجامیش پاڵەوانەکە وەک ئاژەڵێکی ڕاپێچی مردن دەکرێت؟!

بۆچی «کافکا» چێژ لەو کۆتاییە تاڵ و ترسناکانە دەبینێت؟ پاڵەوانەکانی ئەو بەردەوام دەمرن، ئەوەی هەیە جیاوازی مردنەکانیانە. پاڵەوانی ڕۆمانی (کۆشک) دەکوژرێت، پاڵەوانی (دادگا) لەسێدارە دەدرێت. «گریگۆری سامسا»ی پاڵەوانی (بەدگۆڕان) وەک دەعبایەکی دزێوو دەعەجان دەمرێت. لە چیرۆکی (چەقەڵ و عەرەب)یشدا، لاکی ئەو حوشترە دەبێتە ئاگر و دوکەڵ و برین و چڵپاو!!

چی وا دەکات یەکێک لە گۆڤارەکانی فەرەنسا داوای سوتاندنی نوسینەکانی «کافکا» بکات، لەبەرئەوەی بانگەشە بۆ نائومێدی و وێرانکردن دەکات؟!! یان چی وا دەکات «کافکا» خۆی داوا لە «ماکس برود»ی هاوڕێی بکات، بەر لەوەی بمرێت هەرچی هەیە بیسوتێنێت؟!!

ئەمانە هەمووی پرسیارگەلێکن، تەنها وەڵامێکیش بۆیان ئەو جیهانە سەیر و سەمەرەیەیە کە «کافکا» تێیدا ژیاوە.. تەمەنێکی کورت ئەگەر بە ساڵ ئەژماری بکەین، لێوان لێو لە ئازار و ژان کە وایلێدەکەن بەو ڕەشبینیە بنوسێت و بیربکاتەوە. سەرباری ئەوەشی کۆلێژی مافی تەواو کردبوو، بەڵام وەک پارێزەر و یاسا ناسێک کاری نەکرد، بەڵکو بە وەزیفەیەکی ئاسایی لە فەرمانگەی قەرەبوکردنەوەی کرێکاران ڕازی بوو. هاوکات ڕێگەی نەدەدا ئەوەی دەینوسی بڵاوبکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لە سەرەتای تەمەنیدا دوچاری نەخۆشی سیل بوو. لە دنیاداو لەڕێی هیچ شتێکەوە هەستی بە خۆی نەدەکرد. تەنانەت ئەوکاتەشی خەریکی خوێندنی یاسا بوو، پەیوەندی بەم خوێندنەوە زۆر پاسیڤ بوو، تا ئەو ڕادەیەی ئەم قۆناغەی ژیانی بە قۆناغی مێشک سوتان و وێرانبون ناودەبات.

سەروەختێکیش بیر لە قوتابخانە و سەرەتای تەمەنی منداڵی دەکاتەوە، خۆشیی پێنایەت و نایبزوێنن. وەک ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزی بە چونە قوتابخانە و یاریکردن بە قەڵەم و کاغەز نەکردبێت، وەکو هەموو منداڵانی ئەم دنیایە.

«کافکا» هەمیشە قوتابخانە و خێزانەکەی سەرکۆنە دەکرد و پێیوابوو بەرپرسیارن لە کوشتنی هەموو ئەو بەهرە و تایبەتمەندیانەی تێیدا هەبوون. هەر کاتێکیش باس لە باوکی دەکات، هەستدەکەیت سۆزی باوکایەتی وێنەیەکی جوانی لە ناخی ئەودا نەبووە. دژی ئەو شێوازی مامەڵەکردنەی باوکی بووە کە وەک بازرگانێک و خاوەن کارێک، لەگەڵ چواردەورەکەیدا کردویەتی. ڕەنگە ئەم پەیوەندیە پاسیڤە یارمەتیدەرمان بێت بۆ ڕونکردنەوەی ئەو وێنە پڕ نیگەرانیەی لە ئەدەبی «کافکا»دا هەیە. ئەوە ئەوە کە دەڵێت: (بە دەستی خۆم، خۆم وێرانکرد).

ئەم ئەدیبە لە ناو بازنەیەکی بەرتەسکی ڕەشبین و دڵەڕاوکێدا ژیاو ئەمەش گیانی هیواو ئومێدی لە ناخیدا خنکان، سەروەختێکیش ویستی نوسین بکاتە دەرەتانێک، وشە و پیتی نوسینەکانی زیاتر ڕۆحیان ئەتاساند.

**سەرچاوە:**

المستقبل — ١١/ ٢/ ٢٠٠٥.